# بانگەواز بۆ سمیناری کراوە

رۆژنامەگەری کوردی لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا لە ژێر سێبەری شۆڕشی ئەلەکترۆنی وەرچەرخانێکی تازە بەخۆی بینیوە. نووسەری کورد دەتوانێ بە بێ ترس لە سانسۆر و بە بێ ئەوەی کە پێویست بێ، بە شێوەی جاران دەیان پێوانە لە بەر خۆی دانێ تا وشەکەی بە خوێنەر بگەیەنێ لە رێگای کاناڵی ئینتەرنێتەوە پەیامی خۆی بە خوێنەر دەگەیەنێ و خوێنەریش بۆی هەیە بکەوێتە گفتگۆ لە گەڵ نووسەر و ئاڵ و گۆڕی بیرورا بکرێ.

لە ماوەی یەک دوو مانگی رابردوودا بە دوای رووداوەکەی ١١ی سێپتەمبر، بەشێک لە ماڵپەرەکانی کوردی نەمازە «کوردستان نێت» و «کوردستان پۆست» شاهیدی ئەو جۆرە ئاڵ و گۆڕە بیروڕایە بوون. هەرچەند بەداخەوە گفتگۆکان لەگۆڕینی بیروراوە بە هێرشی بە سەر کەسایەتی یەکتر نزم بوو، بەڵام لە جێی خۆیدا ئەم رووداوە وێستگەیەکی چاکە بۆ پێداچوونەوە بە رۆژنامە نووسی کوردی و ناوەرۆک.

هەڵبژاردنی بابەت بۆ گۆڤار و بڵاوکراوەی ئەلەکترۆنی هەروەک رۆژنامەکانی «تەقلیدی» یەکێک لە گرفتەکانی وەشانی کوردیە. ناوەڕۆک، درێژی بابەت و شێوەی هەڵبژاردنی زمان لە رۆژنامەگەری کوردیدا ئەو بابەتانەن کە لەسەری کەمتر گفتگۆ کراوە و کەمتر بۆتە جێگای سەرنجی خوێنەر و بەتایبەت نووسەری کورد.

میدیای نوێ، تەنیا دیموکراسیەکی ڤیرچوئەلی بۆ رۆژنامەگەری کوردی نەخوڵقاندووە، بەڵکوو خوازیاری پێداچوونەوەی ناوەرۆک و شێوەی پەیام لە رۆژنامەگەری کوردی دایە.

بە مەبەستی گفتگۆ لە سەر ئەم بابەتە، بانگەوازی لێکۆڵەران، بانگەوازی لێکۆڵەران، نووسەران، خاوەن بیران و خوێنەران دەکەین کە بابەتەکانی خۆیان لەو پێوەندیەدا تا ٢٠٠٢/٣/١، بە مەبەستی کردنەوەی لاپەڕەیەکی تایبەت بەو باسە بە بۆنەی رۆژی رۆژنامەگەری کوردی لە ٢٢ی ئەپریلی ٢٠٠٢دا، بۆ مان بنێرن.

**داوا لە ئێوە دەکەین کە لە بابەتەکانی خۆتان لە پرسیارەکانی خوارەوە بکۆڵنەوە:**

١. میدیای ئەلەکترۆنی چیە؟
٢. دەرفەتەکان و زیانەکانی میدیای ئەلەکترۆنی بۆ رۆژنامەگەری کوردی؟
٣. داخوا بە هاتنە مەیدانی میدیای ئەلەکترۆنی رۆژنامەگەری دەفەوتێ؟
٤. پێوەندی دەق و جۆری بڵاوکردن (چاپ، پەخشی ئەلەکترۆنی)
٥. دێموکراسی، دەربڕینی بیرورا و میدیای نوێ؟
٦. بەرپرسایەتی نووسەر لە میدیای نوێدا؟
٧. چۆن میدیای نوێ بە مەبەستی یەکەتی نەتەوەیی بەکار ببردرێ؟
٨. چۆن دەکرێ میدیایەکی بەهێزی کوردی لە رێگای ئینتەرنێتەوە ساز بدرێ؟

ئێمە هیواداریین بابەتەکان سەرچاوەیەکی زانستیان هەبێ و هەوڵ بدرێ بابەتیانە وڵامی پرسیارەکان بدرێ.

نووسراوەکان ئەگەر بە ویندۆز دەنووسرێن بە Microsoft Office و ئەگەر بە ماکینتۆش دەنووسرێ تکایە لە ناشر یان بەرنامەی Nisus کەڵک وەربگیرێ.

بۆ ئاگاداری زۆرتر تکایە پێوەندی بکەن بە:

dengikurd@hotmail.com

نووسراوەکانی خۆتان بە ناونیشانی dengikurd@hotmail.com یان ئەگەر دیسکەکە دەنێرن بە ناونیشانی:

Denge Kurd
PL 150
15141 Lahti - Finland

بنێرن. تکایە لە گەڵ دیسکەکە، کۆپیەکی چاپکراو لە نووسراوەکەتان بۆمان پۆست بکەن.

دەنگی کورد
٢٠٠١/١٠/٢٢